ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# چی بۆ کەرکووکییەکان کراوە؟

## دیمانەیەك لەگەڵ هاوڵاتییەکی کەرکووکیی دانیشتووی سلێمانی

کوردەکانی کەرکووك کە نیشتەجێی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێم بەڵێنی شتی زۆریان پێ درابوو ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانەش گەڕاونەتەوەو خانوویان دروست کردووەو گەڕەکی گەورە لە کەرکووك هاتوونەتە سەر زەوی بەلام هێشتا ئەو بەڵێنانە ئەوە نەبوون کە درابوون. فەرمانبەرانی حکومەت بەرەسمی نەقڵ کراون و بڕیار وایە لە کەرکووك دەوام بکەن و ئەوانەی خانوویان وەرگرتبوو فەرمانیان بۆ دەرچوو خانووەکانیان بفرۆشن ئەمەش دیمانەیەکی کورتە لەگەڵ کوردێکی کەرکووك کە دانیشتووی سلێمانییەو لەیەکێك لە دەزگا حکومییەکان فەرمانبەرە:

- ئێستا لە کوێ دەوام دەکەین؟

+ لە هیچ شوێنێك چونکە لەم لا ( ئینفیکاك)م بۆکراوە و لەولاش دەوام ناکەم.

- ئەی مووچەتان؟

+ هێشتا لێرە وەریدەگرم بەلام بۆ مانگی یانزە لەبەغدا دەڵێن ماڵ بەماڵی کەرکووك بگەڕێن و بزانن ماڵەکە بەراستی گەڕاونەتەوە ئینجا مووچەیان بدەنێ.

- ماوەیەك بەرلە ئێستا کەرکووکییەکان پارەیان لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن بۆ دروستکردنی خانوو لە کەرکووك، ئێستا پارەکە ماوە؟

+ ماوە بەلام وەکو جاران نییە تەنها هەزار دۆلار دەدەن کە هیچی پێ ناکرێت، زەوییەکانیش کە لە کەرکووك دەدرێن ڕەسمی نین، بەلام چەکداری خۆیان دوو هەزار تا سێ هەزار دۆلاریان دەدرێتێ کەدیسان هیچی وای پێ دروست ناکرێت.

- ئەی ئێستا چۆن و لە کوێ دەژین؟

+ ئێستا ناچارم هاتوچۆ بکەم و بەشی زۆری مووچەکەم لەم هاتوچۆیە دەڕوات.

- چۆن بۆ کەرکووك نێردرابوون؟

+ کاتی خۆی کە حکومەتی بەعس کوردەکانی لە کەرکووك دەردەکرد عەریزەیەکیان پێ دەنووسین کە تێیدا هاتووە: من هاولاتی فلانی کوڕی فلان لەگەڕەکی فلان داواکارم ڕەزامەند بن لەسەر ئەوەی نیشتەجێم بۆ سلێمانی نەقڵ بێت.. ئێستاش هەمان شێوە هەیە بەلام بە کوردی پێمان دەنووسن: من هاولاتی فلان کوڕی فلان داواکارم بگەڕێمەوە شاری کەرکووك .. منیش بە فەرمانبەرە کوردەکەم وت کە ئەو عەریزەیەی بۆ پڕ کردمەوە: ئەی ئەگەر حەز نەکەم بچمەوە؟ وتی هەر دەبێ بچی، ئەوان بەزۆر دەمانێرنەوە.

- ئەی وا نازانی گەڕانەوەتان بۆ کەرکووك وەلامدانەوەیەکە بە کردار لەدژی تەعریبکردنی شارەکە؟

+ ڕاستە بەلام دەبێ بەجۆرێك بێ بتوانین بمێنینەوە نەك هەر بمانئێرنەوەو بەس.

- ئایا کەس هەیە غەیری دانیشتووی کەرکووکە دەینێرنەوە کەرکووك.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

+ نەخێر هێندەی بزانم تەنها کەرکووکییەکان دەچنەوە، کە ئەوانیش کە ئاوا بەزۆر یان بەحەزی خۆیان دەچنەوە هەموویان دانیشتووی کەرکووکن و ڕژێم بەزۆر لە کەرکووك دەریکردوون.

- کەواتە چی بەو کەسانە ئەڵێیت کە دەڵێن گوایە حکومەتی هەرێم کوردی غەیری خەڵکی کەرکووك دەباتە ئەوێ بۆ گۆڕینی دیموگرافیەتی شارەکە.

+ ئەمە بەڕاست نازانم و تەنها بە پڕوپاگندەی دەزانم.

تێبینی: ئەم دیمانەیە سەرەتای مانگی ١١ی ٢٠٠٤ کراوە.

ZAGROS WEBSITE